Border Rights for Refugees

# مافەکانی پەنابەر لەسەر سنوور

## ڕابەر (دەلیل) بۆ زانیاری مافەکانت بۆ ئەو کەسانەی هاوڵاتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا نین، لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە دێن بۆ کەنەدا وە داوای پەنابەری دەکەن.

تۆ مافی خۆتە کە بەدوای سەلامەتیدا بگەڕێی بۆ خۆت و خێزانەکەت. ئەم ڕابەرە ڕێنماییت دەکات لەگەڵ زانیاری بۆ پاڵپشتی بڕیارەکەت. ئەمە زانیاریەکی گشتیە نەك ئامۆژگاری یاسایی. گەلێ ڕوونکردنەوەی دیاریکراوی تێدایە بە درێژی کەدەبێ زانیاریەکان ڕەچاوبگری بەو مەرجانەی هەن. جا تکایە ڕاوێژ بە پارێزەرێك بکە ئەگەر بۆت دەگونجێ.

ئەم ڕابەرە لە لایەن لیژنەی یاسایی پەنابەران بەپێی یاسای یەکیەتی ئۆنتاریۆ و هیچ کەس نایاسایی نیە.وە پاڵپشتی دەکرێ لەلایەن کلینیکی یاسایی ئەفریکی کەنەدای.

## هاتن لە بەندەری هاتنە ژوورەوە

بەندەری داخل بوون ئەو شوێنەیە کە بە یاسایی دەتوانی بێیتە ناو کەنەدا. ئەو زەویە، بەندەرەی داخل بوون، ئەو شوێنەیە کە ، پیادەڕەو، پاسەکان، پاسکیل لیخورەکان، شەمەندەفەر،وە ئۆتۆمۆبیل کە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە داخل بە کەنەدا دەبێت. بەندەرەکانی تری هاتنە ژوورەوە لە ڕێی فرۆکەخانە وە مینای مەرین.

کەنەدا وە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا واژووی ڕێکەوین نامەیەکیان کردوە پێی دەڵێن، ڕەزامەندی سەلامەتی وڵاتی سێهەم. ئەمە ڕێگا لە زۆر کەس دەگرێ کە داوای باری پەنابەری بکەن لە کەنەدا، ئەگەر گەشتنە هەر بەندەرێکی هاتن بە یاسایی.

**<u>سێ شتی سەرەکی ڕەچاو دەگیرێ لەم قەدەغە کردنە</u>.** لە ژێر چاودێری ئەم سێ بارودۆخە، هەرچەند ڕەنگە تۆ لە سنوور و بەندەری هاتن داخڵ بووی، لەوانەیە تۆ مستەهەق بیت، شیاو بێ بۆت کە داوای مافی پەناهەندەیی بکەیت.

١- ڕەنگە بۆ تۆ شیاو بێت کە داوای مافی پەناهەندەیی بکەیت، ئەگەر لە سنوور و لە بەندەری هاتن گەیشتیتە خاکی کەنەدا لەو شوێنەوە کە خێزانت هەیە لە کەنەدا. بۆ نمونە: کەسی بەرامبەر کە پێکەوە ژیان دەکەن، نێرو مێ یان دوو مێینە، یان دوو نێرینە، ئەو دوو کەسەی کەبە یاسای ئاسایی پێکەوە دەژین، قانون العام، حقوقی عرفی، چاودێری کەری قانونییەکەی ( ئەگەر چاودێری کەرەکەت تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمترە)، مناڵ، دایك و باوك، خوشك و برا، باپیر و داپیر، کوڕەزاو کچەزا، مام و خاڵ، پوور و میمك، برازا یان خوشکەزا. هەموو ئەندامانی خێزان تایبەتمەندی و شیاویان وەك یەك نیە.

پێویستە تۆ ئۆفیسەری دائرەی کۆچ و پەناباران ئاگادار بکەیتەوە کە خێزانەکەت بە فیزکی بەجەستە لە کەنەدان. گەیشتونەتە سەر سنوور وە پێگەیان هەیە لە کەنەدا لە بارو دۆخی پەنابەریان جێگیرە. واتە داوای پەنابەریان کردوە، وە خەتەری گەڕانەوەیان لەسەر نەماوە، یان مەترس گەڕانەوە (وەستاوە)، هاوڵاتی کەنەدان، یان کەسێکە مافی ئیشکردنی هەیە، یان مافی خوێندنی هەیە. یان کەسێکە داوای پەنابەری کردوە وە داواکەی هێشتا لە پرۆسەدایە.
تۆ پێویستە کە ژمارەی بەردەستی ئەو خزمانەت هەبێ و زانیاری تەواوی خێزانەکەت هەبێ (ڕەنگە ئۆفیسەرەکە تەلەفۆن بکات بۆ ئەندامانی خێزانەکەت بۆ ئەوەی لە بارەی تۆوە پرسیاریان لێ بکات). ڕەنگە بەڵگەنامەت بوێ بۆ وەی پیشانی بدات بۆ دڵنیایی کە ئێوە خزمن. وە داوای پێگەیەیان لێبکات لە کەنەدا لە بارودۆخی هاوڵاتی بوونیان .

٢ ـ ڕەنگە بۆ تۆ شیاو بێت کە داوای مافی پەنابەری بکەیت، ئەگەر لە زەوی و لە بەندەری هاتن گەیشتیتە خاکی کەنەدا لەو شوێنەوە داخل بووی، وە تۆ کەسێکی نا بالغ وە تەمەنت کەمترە لە ١٨ هەژدە ساڵ، شووت نەکردوە یان ژنت نەهێناوە. وە

تۆ لەگەڵ دایك و باوكت، وەیان لەگەڵ چاودێری كەرە یاساییەكەت نەهاتوی بۆ كەنەدا، وە یان كەسێكی بەرپرست نیە لە كەنەدا یان لە وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا.

٣ – ڕەنگە بۆ تۆ شیاو بێت كە داوای مافی پەنابەری بكەیت، ئەگەر لە سنوور وە لە بەندەری هاتن گەیشتیتە خاكی كەنەدا لەو شوێنەوە داخل بووی وە بەڵگەنامەی سەفەرت پێیە لەگەڵ ڤیزەی سەفەر كە بەسەر نەچوە ڕێگەت پێدەدا بێیتە ناو خاكی كەنەدا، وە ڕوخسەتی ومۆڵەتی كار وەیان خوێندنت پێیە وەیان تۆ لە وڵاتێكەوە هاتوی كە ڤیزەت پێویست نییە بۆ داخل بوون بۆ كەنەدا.

ئەگەر تۆ بە فرۆكە وەیان بە پاپۆر هاتی تۆ بە پێی بریاری( ستكا) دوور ناخرێیتەوە، یا قەدەغەنیە بۆت.
**STCA**
وە ڕەنگە بتوانی كە مافی ئەوەت هەبێ كە داوای پەنابەری بكەیت لەسەر سنوور، **مەگەر دۆخی** تۆ وابێ كە داواكەت قبوڵ نەبوە لە ئەمەریكا وە رەتكراویتەوە وە ترانزێتەكەت لە كەنەدایە وە دیپۆرت دەكرێیتەوە لەلایەن وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا.

## داوای پەنابەری كردن لە سەر سنوور بەندەری هاتن

ئەگەر تۆ ڕێت پدراوە داخلی كەنەدا بیت بە پێی ڕەچاوگرتنی (ستكا) وە یان لەبەرئەوەی تۆ لە فڕۆكەخانە وەیان دەربەندی مەرین هاتوی، تۆ لەلایەن ئۆفیسەرێك چاوپێكەوتنت لەگەڵ دەكرێ، ئەو لە بەندەرەی هاتن بڕیاری ئەوە دەدا كە كە تۆ داوای مافی پەناهەندەیی بكەیت (لێوەشاوەی بۆ داوای پەنابەری مشمولیت).

ئۆفیسەرەكە ڕەنگە ڕێگەت پێبدات كە ڕاستەوخۆ داوای پەنابەری بكەیت، وەیان ڕێگەت پێبدات كە داخلی كەنەدا بیت وە داوات لێبكات كە ڕۆژێكی تر بگەڕێیتەوە بۆ چاوپێكەوتن. وەڕەنگە ئۆفیسەرەكە بتخاتە شوێنی گلدانەوە لە حیجزكردن (زیندانت كا) بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر بزابی دەربارەت.

بۆ هەندێ هۆ ڕەنگە ڕێگەت پێنەدەن كە داوای پەنابەری بكەیت ئەمانە هۆكانن (١) ئەگەر تۆ هاوڵاتی وڵاتێك بیت كە بتوانی بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتەكەت یان (٢) تۆ جاری تر داوای پەنابەریت كردوە لە كەنەدا وە داواكەت ڕەتكراوەتەوە واتە قبوڵ نەبووی، وازی لێهێنرا وەیان ڕێگەی پێنەدرا كە لەپرۆسەدابێت، (٣) وەیان وا ڕەچاوگیرا كە ڕێپێدراو نەبی لە بارەی ئاسایشەوە مەترسی بیت وەیان تاوانی گەورەت ئەنجام دابێ.

ئەگەر ئۆفیسەرەكە ڕێگای پێدای كە داوای پەنابەری بكەیت، فۆرمێكت دەداتێ، فۆرمی بەڵگەنامەی پارێزگاری پەنابەر، ئەم فۆرمە وەردەگری وە دەكرێ بەكاریبهێنی بۆ كارتی تەندروستی، وە بەرنامەی چاودێری كۆمەڵایەتی واتە ولفەر، وە بۆ داواكردنی ئیش ڕەنگە بەكاری بهێنی.

هەروەها فۆرمێكی گرنگت دەداتێ پێی دەڵێن (فۆرمی داوای بنەڕەتی). ئامادەبە، تۆ دەبێت ئەم فۆرمە پڕبكەیتەوە وە دڵنیابیت لەوەی كە دەبێ بنێردرێت بۆ ئەنجومەنی كۆچ و پەنابەران لە ماوەی ١٥ پانزە ڕۆژدا.
ئەگەر ئەتوانی داوای یارمەتی بكە بۆ ئەوەی فۆرمەكە پڕكەیتەوە ، وە دڵنیابیت لەوەی كە داواكەت هەموو زانیاریەك دەگرێتە خۆ.

## هاتن بۆ كەنەدا لە شوێنی ترەوە جگە لە سنوور و بەندەرە سەرەكیەكان

زۆر كەس دێن بۆخاكی كەنەدا، بەڵام لە سنووری زەویەكەوە دەپەڕنەوە دێن كە بەندەری داخڵ بوون ڕەسمی نیە .
(ئەمە دژە یاسا نیە)، بەڵام ڕەنگە بگیرێی و حیجز بكرێیت. ئەگەر كۆتایی هات بەوەی كە دەبێ لە ژێر چاودێری پۆلیس بیت وەیان بەزۆرەملی لە حجزی پەنابەرانی كەنەدا بوی، یەكسەر پێیان بڵێ كە كە تۆ ژیانت لە مەترسیدایە لە وڵاتی خۆت.

لە کاتێکدا کە تۆ لە کەنەدای، بە پێی یاسا دەتوانی کە داوای پەنابەری پێشکەش کەی لەڕێی هەر ئۆفیسەرێکی ئاژانسی خزمەتی سنووری کەنەدا وەیان لە کۆچبەر و پەنابەرانی وە ئۆفیسی ناسنامە و ڕەگەزنامەی کەنەدا.
**(www.cic.gc.ca)**

کۆمەڵێ فۆرمت دەدەنێ لەم ئۆفیسە، تا نەگەڕێیتەوە بەو فۆرمە پڕکراوەکانەوە بۆ لای وان، کارتی تەندروستی وە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیت نادەنێ وە ناتوانی داواکاری بۆ کار بنێری. ئەمە پێی دەوترێ ( داوای ناو دەوڵەت).
زۆر بە دیقەت بە وردی ئامادەی کە چونکە ئەم فۆرمە دەبێتە فۆرمی بنەڕەتی داواکەت وە لە لایەن کەسێکی خاوەن بڕیارەوە دەبینرێ، ئەو بڕیار لەسەر داوای پەناری تۆ دەدات.

## پارێزگاری کردنی خۆت

هەرچیەك کە تۆ بە ئۆفیسەرێکی (ئاژانسی خزمەتی سنووری کەنەدا) وەیان لەوانەیە بە پۆلیس بڵێی دەبێ بە بەشێ لە فۆرمی بنەڕەتی تۆ. وەپاشان لە ڕۆژی دادگای بیستنی پەنابەریت، پرسیارت لێ دەکرێ لەم بارەوە.
هەوڵ بدە دەستنیشانی ئەوە بکەیت کە تۆ بۆ دەترسی بگەڕێیتەوە بۆ وڵات و نیشتمانت. ئەگەر ئەوە بدۆزنەوە کە تۆ زانیاری هەڵەت داوە وەیان جێی وەڵامت بە بۆشایی جێهێشتوە کاریگەری لەسەر چیرۆکەکەت دادەنێ کە باوەڕت پێبکەن لە کۆتایدا.

پێویستە کە ڕاوێژ بکەیت بە (پارێزەر وەیان، ڕاوێژکاری کە بڕوانامەی ڕاوێژی پەنابەرانی هەبێت) بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات کە فۆرمەکەت پڕکەیتەوە لەگەڵ داوای پەنابەری. هەندێ ڕاوێژکاری پەنابەران و پارێزەر هەن کە بە خراپ بەرخورد دەکەن. لەبەر ئەوە بچۆ بگەڕێ بۆ ناوی ئەو ڕاوێژکەرانە کە لە سەرچاوەییەکی باوەڕپێکراوە وەیان لە کۆمەڵەی بریکاری دەست دەکەون. پێویستە گفتووگۆ بکەیت لەگەڵ پارێزەرێ پێش ئەوەی سەفەر بکەیت. لەوانەیە تۆ کەسێکی مستەهەق یان شیاو بی بۆ ئەوەی کە پارێزەری دەوڵەتی یارمەتی یاسایت بدات، پێی دەڵین( لیگل ئەید) لە کاتێکدا تۆ کە لە کەنەدای.
**Legal Aid**
ئەگەر ئەوکەسەی کە یارمەتیت دەدا بۆ پەڕینەوە پارەت لێ وەرگرێ بۆ یارمەتیەکەی ئەوە لەوانەیە تاوانبار بکرێن بەپێی یاسای پەنابەران. ئەوانەی کە یارمەتی خەڵك دەدەن بۆ پەڕینەوە لەسنوور دەبێ ئەوە پیشان دەن کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن تەنها بۆ مەبەستی مرۆڤایەتی بە (بێ بەرامبەر) بێ سوودبەخشی بۆخۆیان. ئەگەر تۆ کەسێکی دەتەوێ یارمەتی کەسی تر بدەیت کە دێ بۆ کەنەدا بگەڕێ بە دوای ئامۆژگاری یاسایدا.

ڕەنگە لە کەنەدا لە شوێنێ جێمابی کە دوورە دەستە وە بەبێ نەخشە، وە خانوبەرە ویان یارمەتی لێ نیە. زۆر ڕەوایە لە زستاندا ( مانگی ئۆکتۆبەر ١٠ تا ٤ تا مانگی نیسان لە کەنەدا) کە لە ئازارێکی زۆردا بژی لەباری تەندروستی ئەگەر بۆ ماوەیەك لەم کاتانە لە دەرەوە بیت. جلوبەرگی باش بهێنە لەگەڵ خۆت، با خواردن، ئاو، دەستکێش و گۆرەوی گەرم پێبێ. تەلەفۆنی دەستی بهێنە لەگەڵ خۆت دڵنیابە کە کاردەکات لە گەڕاندا لە ناوچەکاندا. لە زۆربەی کاتی ڕوداوی کوتوپڕ تەلەفۆن بکە بۆ ٩١١ لە کەنەدا. ئەمە مانای وایە کە پۆلیسیش دێ بەهانای یارمەتی.

زانیاری زیاتر وەرگرە لە پرۆسەی بەرنامەی پەنابەر لە کەنەدا لێرەوە
**http://refugee.cleo.on.ca/en/refugee-claim-flowchart**

دابیەزێنە وە بڵاوی بکەرەوە بەبەربڵاوی، بۆ پرسیار؟ تکایە ئەم ژمارە ئیمەیلە بەکار بهێنە
nooneisillegal@riseup.net.

ئەم ڕابەرە یاساییە تەنها بۆ یاسای کەنەدا دەبێت، ئەوەی زاڵە بەسەر یاسای پەنابەرانی کەنەدا وە پیڕەوی دەکرێ ئێمە داوا لە دەکەینە وە هانی ئەوە دەداین لە هاتووی نوێ لەوە تێبگەن کە کەنەدا هەمووی خەڵکی خۆماڵییە لە خاکێکدا.